## هەڵوێستی یەكێتیشۆڕشگێڕانیكوردستان سەبارەت بە بەیاننامەی هاوبەشیحیزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران وحیزبی پان ئێرانیست

**بەشی یەكەم: چاوخشانێك بە سەر دەقی بەیاننامەكەدا**

حیـزب و رێكخـراوە سیاسـییە نەتەوەییـەكانی كوردسـتان لـە هـەموو پارچـەكانیدا رێكخـەری بزووتنـەوەی رزگـاریخوازیی گـەلی كـوردن ورێبەرایـەتی ئـەو بزوتنـەوەیان لـە دەسـدایە. ئامـانج، دروشـم، تاكتیـك و سـتراتیژی ،بەرگرییان وتووێژ، پاشەكشە یان پێشرەوی و هاوپەیمانێتی و پێوەندییەكان و ...تاد لە دەست ئەواندایە. ئەمە باش یان نەباش واقعییەتێكی حاشا هەڵنەگرە. بۆیە هەر هەڵوێست و بڕیارێكی ئەوان راستەوخۆ لە سەر بزوتنەوە رزگاریخوازییەكەمان و كورد و پاشەرۆژی شوێندانەرە.

حـەوتووی رابـردوو، بەیاننامەیـەكی هاوبـەش لەلایـەن حیزبـی دیمـۆكراتی كوردسـتانی ئێـران و حیزبـی پـان ئێرانیست/ەوە بڵاو كرایەوە. بە ماوەی چەن رۆژێك، دووهەمین بەیاننامـەی هاوبەش لـە نێوان ئـەو دو حیزبـە دا بڵاو بووەوە. بڵاو بوونەوەی دووهەمین بەیاننامە و دانانی ژمارە لە سەر ئەو بەیاننامانـە، ئەوە دەگەیـەنن كـە هـەردوولا لـە سەر هاوكاری و خەباتی هاوبەش بە تەواوەتی ساغ بوونەتەوە!

كتوپڕیی‌ئـەو رووداوە و نـە بـوونی رابـردووی هاوكـاری نێـوان حیزبـی دیمـۆكراتی كوردسـتانی ئێـران وحیزبـی پانئێرانیست، گۆڕینی دروشمی حیزبی دیمۆكرات لە خودموختاریی‌یەوە بۆ فیدراڵی لە كونگرەی 13ی دا و سوور بوونی پانئێرانیستەكان لە سەر فكر و سیاسەتیشۆوینیستی،لە لایەك و گەشەی بزووتنەوەی كورد و چوونە سەرێی ئاستی ویست و داخوازی رۆڵەكانی نەتەوەی كورد و بە هێزتر بوونی هەستی نەتەوایەتییان" لە لایەكیدیكەوە، ئەو فاكتۆرانـەن كـە، لـە سـەر ئـەو رووداوە، واتـە دەر كردنـی بەیاننامـەی هاوبـەش و بڕیاردان بۆ " خـەباتی هاوبـەش" لـە نێوان ئەو 2 حیزبە دا، رامان و قسە دێنن و راماندەكێشنە شەنوكەو كردن و وەرد دانـەوەی هێنـدێك چەمك وبنـەمای سیاسیی.

حیزبی دیمۆكراتی كوردستانی ئێران و هەر حیزبێكی سیاسیی دیكە مافی خۆیەتی لە گەڵ ئەم حیزب و ئەو رێكخراوی سیاسیی، یان ئەم دەوڵەت و ئەو دەوڵەت پێوەندیی هەبێ و دۆستایەتی دامەزرێنێ ، بەیاننامەی هاوبەش دەربكـا و " خـەباتی هاوبـەش" رابگەیـەنێ. بـەڵام هـەر لـەو كاتەشـدا هێـزی نەتـەوەیی وەك یەكێتیشۆڕشگێڕانیكوردسـتان كـە هـەڵگری رەسـەنترین وشـەفافترین داخـوازە نەتەوەیییەكانـە لەكوردسـتانی رۆژهەڵات،بە مافی خۆی دەزانێ چاوەنۆڕ بێ لە هەركام لە و بەستێنانەدا، با هەر لە سەر كاغەزیش بێ، ویست و داخوازەكانی گەلی كورد دابینكرا بێ وحیزبی دێموكراتی كوردستانیش لە سەر ئەو پرێنسیپە نەتەوەییانەی زیاتر لە نیوسەدەیە خەباتی بۆ دەكا سوور و پێداگر بێ.

بەداخـەوە بەیاننامـەی هاوبەشـی نێـوان حێزبـی دیمـۆکرات و حیزبـی پانئێرانیسـت، نـەك هـەر لـە ئاسـت ئـەو چاوەنۆرییەدا نیـە، بەڵکوو داشکانێکی روونـی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە بۆ پانئێرانیستەکان و تـەنیا ئەدەبیاتی ناسراوی ئەوانی لە خۆ گرتووە و دوورە لە رۆحی سەردەم و لە رۆحـی گرینگترین بڕیـاری کۆنگرەی 13ی حیزبی دیمۆکرات.

سەردێڕی ئەو بەیاننامە هاوبەشە بە دروشمەکانی " بەرەو ئێرانێکـی ئازاد،ئاوەدان و دیموکرات" و "پایـەدار بـێ یەکێتی و یەکبوونی نەتەوەی ئێران" دەستی پێکردوە.

دوابە دوای ئەو دروشمانە, باس لە " پیلانی هاوبەشیهەموو هێزە دژی ئێرانییەکان" و " فڕ و فێڵی تایبەتیئەوان بە مەبەستی کۆیلە کردنینەتەوەی ئێمە" "لەم بڕگەیە لە مێژووی نەتەوە و وڵاتمان" دە کرێ و درێـژەی ئـەو رسـتە و دێڕانە بریتین لە: "ئێمـە حیزبـە نەتـەوەیی و جەماوەرییـەکان کە ریشـەمان تـەنیا لـە نێو کومـەڵگای خۆماندایـە " و " دیموکراسـی و سـەروەری نەتـەوەیی"و " یەکسـانی ئـەقوامیئێرانی لـە دابەشـکردنی دەسـەڵات و بـەڕێوەبردنی چارەنووسی هاوبەش" و " حاکمییەتی میللی– دیموکراتیك" وشتی لەو بابەتەن.

سـەرنجدان لـەو رسـتە ودەسـتە واژانـە، فـێڵ و تەڵەکـە و پاشـقولدانی دار ودەسـتە شۆوێنیسـتە کـەی حیزبـی پانئێرانیسـتی پێـوە دیـارە و نـە تـەنیا لـە ویسـتی گـەلی کـوردەوە دوورن بـەڵکوو لەگـەڵ ئامـانج و سیاسـەتەکانیتا ئێستایی حیزبی دیمۆکراتیش تەبا و گونجاو نین!

دروشمـی، بـەرەو ئێرانێکـی ئازاد،ئـاوەدان و دیمـوکرات دروشمێکـی گشـتی و هەڵخەڵەتێنانەیـە.لـە ئێرانـی ئـەمرۆدا هەڵگرتنی ئەو دروشمە، ئۆپۆزیسیۆن بوون و لە ماڵ وەدەر کـەوتنی گـەرەك نیـە! دوێنـێ دروشمـی" تمدن بـزرگ " ی ئاریامێهری بوو کە لە سەر بناغـەی سـەر کوتی هەمووگـەلانی نـا فارسـی ئێران و کۆتـایی هێنـان بـە نیمچـە دەسـەڵاتە میللیـەکانیان و بـە خـوێن سـانترالیزە کردنـی دەسـەڵاتی سیاسـیی، پێکهـاتبوو. وا ئـەمڕۆش دروشمـی 8 سـاڵ پاشخستنی رووخانی کۆماری ئیسلامی وبووژاندنەوەی و بە لارێدا بردنـی بزووتنـەوەی ئازادیخوازیی گـەلانی ئێرانـە لە دەست ئاغای خاتەمیدا . لە مەجلیسـی شۆرای ئیسـلامیش ، مەجلیسـی پاسداران و ئەشکەنجە گەران و قـاتڵان، رۆژی سەدجار باس لە و ئێرانە ئازاد و ئاباد و دیمۆکراتە دەکرێ.

لەوە درێوتر، دروشمی " پایەدار بێ یەکێتی و یەکبوونی نەتەوەی ئێـران "ە. ئـەو دروشمـەی کـە هـەموو دوژمنـانی مـاف و ئـازادیی گـەلی کـورد و گـەلانی بندەسـتی ئێـران لـە ژێـر میچـێکدا کـۆ دەکاتـەوە. " یـەکێتی"و " یـەکبوون" و دروست کردنی "ملت ایران"، رەمزی ئەو هێرش و پەلامارانـە بـوون کە قاجارییـەکان لـە کۆتاییـەکانی حوکمرانیانـدا دەستیان دایە و رەزاشایملهوڕ، بە 8 ساڵ کوشت وبڕ، راوە دوونان و لـە زینـدان پەسـتاوتنی ئـازادیخوازانی کـورد و نەتەوەبندەستەکانی ئێران و سڕینەوەی دیاردە نەتەوەییە نا فارسیەکان لە ئێران، بە سەرەنجامی گەیاند.

کێشەکە ، کێشەی زمانەوانی نییە. کێشەیەکی سیاسییە. لە ژێر هەر کام لە چەمکەکانی" یـەکێتی" و " یـەکبوون" و "ملـت ایـران" دا، درێـژەی یەخسـیریی نەتـەوەی کـورد و گـەلانی بندەسـتی دیکـەی ئێـران و هێشـتنەوەی ڕێـژیمی سانترالیستی لە ئێراندا، حەشاردراون.

بۆ کەسانێ کە کەمترین ئاشناییان لە گەڵ چەمکەکانی"ملت " و " دولت" هەبێ و پێکهاتـەی ئیتنیکـی ئـەو وڵاتـەی ئـەمرۆ پێیدەگـوترێ ئێـران بناسـن، دەزانـن کـە " ملـت ایـران"، دەسـتە واژەیەکیدەسـکرد و ئەنقەسـتە و تـەنیا بـە مەبەستی سیاسیی داتاشراوە.

ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە وبگرە ئیمپراتۆرییەکی پێکهاتوو لەو نەتەوانەیە که بە زەبر و زەنگ و دوور لە ویست و ئارەزووی خۆیان پێکەوە لکێندراون.لەم ئیمپراتۆرییەدا فارسەکان نەتەوەی سەردەست و ئەوانی دی بندەست و بێ ماف و دەسەڵاتن.سەیر ئەوەیە حیزبی پانئێرانیست چاوی تەماحی بەوەش پڕ نەبووە و سەودای لکاندنی کوردستانیباشووریشی بە ئێرانەوە، لە سەر دایە.(1)

نە بە پێی ئەو پێناسە ناسراوانەی بۆ چەمکی "ملت" کراون، ئەم نەتەوانە "ملت ایران" پێکدێنن و نە بە پێی ئەو رووداوانەی لەم ولاتەدا قەوماون، ئەو نەتەوانە گەرەکیانە ببنە " ملت ایران". ئستاش، ئیتر لەم سەردەمەدا، ئەو ئیمکانات و دەرفەتە سیاسیانە بۆ شۆوینیستەکانی نەتەوەی سەردەست نەماوە نەتەوە بندەستەکان ئاسمیلە بکەن و بیانتوێننەوە!

بۆ کەسانێ کە لە زمانی سیاسیی دەگەن، حاڵی بوون لە رۆحی زاڵ بە سەر ئەو بەیاننامەیەا ئەستەم نیە. یەکەم دێری بەمجۆرە دەستی پێکردوە:"لەم برگە تایبەتە لە مێژووی نەتەوە و وڵاتەکەماندا،هەموو هێزە دژی ئێرانییەکان بۆ بەرێوەبردنی پیلانێکی هاوبەش بە مەبەستی کۆیلەکردنی نەتەوەکەمان و درێژەدانی تالانگەرییەکانی خۆیان لە سامانە نەتەوەییەکانمان،دەستیان ناوەتە نێو دەستی یەکتر و هەوڵدەدەن کۆڵەکەکانی دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی بە فڕ و فێڵی تایبەت بە خۆیان،سەقامگیر بکەن."(2)

نووسەری ئەم بەیاننامەیە، کە دەبێ پان ئێرانیستێکی ئاگادار لە بارودۆخی سیاسی سەردەم و شارەزایەکی باشی سیاسەتی حیزبەکەی بێ، چاك دەزانێ باسی چ دەکا ،عەوداڵی چییە و مەبەستی لە " لەم برگە تایبەتە لە مێژوو " و " هەموو هێزە دژی ئێرانییەکان " و" پیلانی هاوبەش " و " فڕ و فێڵی تایبەت"چییە. ئەو بەو زمانە سیاسیە دەڵێ: زەمان، زەمانی سست بوون و رمانی بناغەی رێژیمە سانترالیست و دیکتاتۆرییەکان و پیرۆز نەمانی سنورە دەسکردەکانە، چەڵی نەمانی پیرۆزی چەمکی "حاکمیەتی میللی" وەڵی "دەستێوەردانی ئینسانی" یە و حەڵی هەوڵ و وەخۆکەوتنی نەتەوە بندەستەکان بۆ خۆ رزگار کردن و بوون بە دەوڵەتە، کاتی بەربینگ گیرانی " ئێران" لە سەر کێشەکانی تێرۆریزم و چەکی ئەتۆمی و شتی لەو بابەتەیە لە لایەن دەوڵەتی ئەمریکاوە و دوور نییە ئێمەش بە دەردەکەی حکوومەتی بەعسی عێراق بچین! دەنا ، کام"هێزی دژی ئێرانی" تا ئێستا توانیویە " ملت ایران " زنجیر بکا و "درێژە بە تاڵانگەرییەکانیان"بدەن؟ئەم دێرانە ونێوەرۆك و مەبەستی، راست بە پێچەوانەی ناوەرۆك و مەبەستی پەیامەکەی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ جۆرج بووشە!

پان ئێرانیستەکان و هەموو شۆوینیستەکانیدیکەی ئێران، چ ئەوانەی لە دەسەلاتدان و چ ئەوانەی لە ئۆپۆزیسیون دان وێڕای دەسەلاتدارانی ترك و عەرەب هەقی خۆیانە لەم " زەمان"ە بترسن و بۆ بەربەرەکانێ لەگەل " پیلانی هاوبەش " پال وێکدەن. ئەم ترس ونیگەرانییە، پان ئێرانیستەکان و خامەنەیی و خاتەمی و هەموو قۆڵ و باڵەکانیان لە دەسەلات و دەرەوەی دەسەلاتدا لەیەك بەر دا کۆ دەکاتەوە و لە دەرەوەی ئێرانیش، دەیانخاتە پاڵ: شۆوینیستەکانی ترك و عەرەب ، پاشماوەکانی رێژیمی سەدام حسەین، ئەلقاعیدە و حەماسیئیسلامی و حیزبوڵلای لوبنان! ئەوە نییە کار بەدەستانیئێرانی و ترکیا وسوریا لە هاتووچۆ و کۆبوونەوەدان لە گەڵ یەك. ئەوە نییە، پاشماوەکانی بەعس و ئەلقاعیدە و جەیشی مەهدی و جەیشی موحەممەد لە عێراقدا پاڵیان بە یەکەوەداوە.

بەلام بە پێچەوانەوە، کورد و گەلانی دیکەی بێ دەوڵەت " لەم برگە تایبەتە لە مێژوو"هەلێکیان بۆ هەڵکەوتووە. ئەو گەلەی بتوانێ ئەم دەرفەتە بە قازانجی خۆی بقۆزێتەوە و لە شکاندنی تابۆکان و تێکدانی سنوورە دەستکردەکان و لێدان و رووخاندنی رێژیمە دیکتاتۆر و تیرۆریستیەکاندا دەور بگێرێ و وشیارانە بەری هەلوێستی خۆی بڕنێتەوە،

**دەرگاكانی ئازادیی و پێشكەوتن لە سەر خۆی واڵا دەكاو ئەوانەش كە بە پێوەرەكانی سەردەمی شەڕی سارد لە دنیای سیاسەتدا یاری بكەن، دەرفەتەكان لە كیس خۆیان دەدەن!**

**راستییەكەی ئەوەیە كە، رێگای ئێمە و ئەوان زۆر لێك جیاوازە. بۆ ئێمە، رۆڵەكانی نەتەوەی كورد، ئەوەی دەبێ ئامانج بێ، رزگاریی خاك و نەتەوە ، بە دەستەوە گرتنی چارەنووسی سیاسی و پێكەوەنانی كیان و دەوڵەتی نەتەوەییە. رێگەی ئەوان هێشتنەوە و راگرتن و بە هێز كردنی ئەو سیستمە سانترالیستییەیە كە "ئێرانی فرە نەتەوە " دەكاتە "نەتەوەیئێران" و "ئێرانیكەسیرولئەقوام ". كورد عەوداڵی رزگاری خۆیەتی و بۆ گەیشتن بە ئامانجەكانی پرێنسیپی قازانج و بەرژەوەندیی سیاسی رەچاو دەكا و دەستی یارمەتی وهاوكاری بۆ هەموو دەوڵەتان و كۆڕ و كۆمەڵــەكان رادەكێشــێ و لــە لێــدان و رووخاندنیهــەر داگیركــەرێكی كوردستانیشــدا، بــەو مەرجــەیماف وبەرژەوەندییەكانی خۆی تێدا بەدی بكا، هاوپەیمانی لە گەل ئەمریكا دەكا. هەروەك چۆن ئەوانیش بۆ دەربازكردنی ئێران لە "پیلان" لە هیچ شتێ نا پرینگێنەوە!**

**بە پێی ئەو بەیاننامەیەحیزبی دێموكرات و حیزبی پانئیرانیست، بۆ یەكیان سەلماندووە كە حیزبی نەتەوەیی و جەماوەریین و ریشەیان لە كۆمەڵگەی خۆیان دا هەیە.**

**ئێمەی پێشرەوی بزاڤی ناسیۆنالیستیش لە رۆژهەلاتینیشتمان تا ئێستا حیزبی دێموكراتمان بە حیزبێكی نەتەوەیی ناسیوە و هەر لە سەر ئەو بناخەیەش بووە كە خوازیاری باشترین پێوەندی و هاوكاریی بووین.بەلاّم سەلماندنی نەتەوەیی بوونی حیزبی پانێرانیست لە لایەن حیزبی دیمۆكراتی كوردستانەوە و "درێژەدانی خەباتی هاوبەش"لە گەڵیبەو تەرزە، هەڵەیەكی سیاسییە و ئەگەر راست نەكرێتەوە، زیان لە گەلی كورد و بزووتنەوەكەی دەدا.سیفەتی نەتەوەیی بوونی حیزبیدیمۆكرات زۆر لەو سیفەتەی بە نارەوا بەحیزبیپانئێرانیست دراوە جیاوازە. حیزبی دێموكرات حیزبی نەتەوەیی نەتەوەیەكە بە ناوی كورد. بەلام نەتەوەیی بوونی حیزبی پانئێرانیست بە كام لە نەتەوەكانی ئێرانەوە مانا دەكرێتەوە،لە كاتێكدا ئەو هەقیقەتە بسەلمێنین كە نەتەوەیەك بە ناوی "نەتەوەی ئێران" بوونی نییە!؟ هەر لە جێدا هاوپەیمانێتی لە گەڵ هەر حیزب و دەستەیەك لە ئێراندا كە گەلانی ئێران بە"نەتەوەی ئێران"دابنێ و بە پانەوە حاشا لە فرەنەتەوەیی بوونی ئێران بكا، خۆ تواندنەوەیە!**

**لەو بەیاننامە دوو قوڵییەدا دەبوو مادام حیزبێكی نەتەوەیی كورد لایەنێكییەتی، لانی كەم بە یەك وشە ئاوڕ لە كێشەی گەلی كورد بدرابایەتەوە.نووسەری بەیاننامەی هاوبەشی حیزبی دیمۆكرات و حیزبیپانئێرانیست, ئامادە نەبووە پچووكترین ئیمتیاز بە كورد و بزوتنەوەكەی بدا. بەیاننامەكە,باس لە"حاكمییەتی میللی"، دیموكراسی و مافیمرۆڤ" و "یەكسانی ئەقوامیئێرانی لە دابەشكردنی دەسەلاّت" و دابینكردنی مافەكانیان دەكا.**

**هیچكام لەو وشە و عیباراتە بە رواڵەت رازاوانە, فریان بەسەر كێشەی گەلی ئێمەوە نیە و تەنیا خۆڵ لە چاوكردنە و بەس! كام هێزی دژ بە كورد, كام هێزی دیكتاتۆر و داگیركەر لە ئێران و چوار دەوری ئێران, ئەمڕۆ لە پشت دەمامكی "حاكمییەتی میللی" و "دیموكراسی" و "مافیمرۆڤ"ەوە خۆی حەشار نەداوە؟!.**

**بەلاّم لەمەڕ "ئەقوام" و "دابینكردنیمافەكانی ئەقوام" و " یەكسانی ئەقوامیئێرانی لە دابەشكردنی دەسەلاّت "! رەنگە كەسانێك پێیان وابێكابرای پانئێرانیست بەشیشێری لەو دابەشكردنیدەسەلاّتە بە كورد دابێ!بۆ ئەوەی كەس بە هەڵەدا نەچێ و پێیوانەبێ, ئەو لوتفەی "حیزبیپانئێرانیست" لە "دابینكردنی مافەكانی ئەقوام" و " یەكسانیئەقوامیئێرانی لە دابەشكردنی دەسەلاّت ", گەلی كورد و گەلانی بندەستی ئێران دەگرێتەوە, خراپ نیە, روانگەی حیزبی پانئێرانیست بۆ "قەوم" و "میللەت"لە زمانی خۆیەوە روون بكەینەوە:**

له مادەی 3 لە بەڵگەنامەی "افکار و عقاید حزب پان ایرانیست"دا هاتووە کە: "پانئێرانیستەکان لە سەر ئەو باوەڕەن ئێران وڵاتێکی فرە قەومە،نەك فرە نەتەوە". ئەوان جیاوازی لە نێوان "نەتەوە" و "قەوم"دا دەکەن ، ئەم دوو چەمکە بە یەك چت تێناگەن و وشیارانەش بە نەتەوە بندەستەکانی ئێران دەڵێن "ئەقوام". "پان ایرانیستها میگویند: ملت پدیدەای تاریخی و قائم به ذات خود است. یعنی ملتها در گذر زمان و تاریخ و با سکونت اقوام گوناگون در یك سرزمین مشترك و ایجاد سنت و آداب مشترك و فرهنگ مشترك و دفاع مشترکی که همەی اقوام متشکه آنها در درازای تاریخ از سرزمین, میراث و فرهنگ مشترك خود در برابر بیگانەگان کردەاند پدیده آمدەاند".

جا کاتێ, دەردەکەوێ مەبەستی"حیزبیپانئێرانیست" لە قەوم و ئەقوام تیرە و تیرەکانە نەك گەل و گەلان، تێدەگەین کە"یەکسانی ئەقوامی ئێرانی لە دابەشکردنی دەسەڵات "یانیچی؟ لە قامووسی ئەواندا , "دابەشکردنیدەسەڵات"مانای دابەشکردنی دەسەڵاتی سیاسیی,ئابوری لەنێوان نەتەوەکانی ئێران و دیاریکردنی سنوور و جوغرافیایان نییە . بەڵکوو دابەشکردنی دەسەڵاتی ئیداری وماڵی لە نێوان بنەماڵەکانی "هاشمی" و "خامنەیی" , "اردبیلی" و "رمضانزاده" ، "قمی"و"کاشانی"،مشکینی"و"اردبیلی"،"خلخالی"و"گیلانی"،"طبسی" و" شیرازی"، "کرمانی"و"صفوی" دایە!؟

بۆیە ڕۆڵەی کورد هەقیەتی لە دیتنی ئیمزای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە پای بەیاننامەیەکدا کە نەتەوەی کورد تا ئاستی تیرەیەك دێنێتە خوارێ و ناتەبایە لەگەڵ هەڵگرتنیدروشمیفیدراڵی حیزبیدیموکرات، تووشی سەر سووڕمان بێ!یان دەنا ڕەنگە ئەو فیدرالیزمەی حیزبی دیموکرات پەسندی کردوە،ئەوە نەبێ کە لە سەر بناخەی نەتەوەیی و جوغرافی فۆرمووله کرابێ ودەسەلات و سنووری نەتەوەیی کورد لە ئێراندادەستەبەر بکا!

3/سەرماوەزی/2704

23/نوامبری/2004

www.ruk2691.com
ruk2691@yahoo.com

(1)بروانە:سایتیحزب پان ایرانیست

(2)وەرگێڕدراویکوردی بەیاننامەکە،لە گەل فارسییەکەی دەقاودەق نییە